# ڕۆح دەگریێ

کاوەی خەسرەو کاوانی

کێ دەڵێ ڕۆح
نادا لە پڕمەی گریانا ,
جەستە چۆن ناسووتێ لە ناو
کورەی عیشق و خەم و ژانا ,
کێ وەك من باسی تۆ دەکا
کێ هێندەی من تامەزرۆی دیدارتە ,
دڵی کێ وەك ئەو دڵەی من
هەڵگری ئەشکنجەو خەم و ئازارتە ,
کە زەردەخەنەت دەخستە سەرلێوانت
دڵم دەکەوتە پێکەنین ,
کە نیگات لەگەڵ نیگای من دەگۆڕی یەوە
جۆشتر دەبوو عیشق و ئەوین,
بەبێ وویستم خۆشم وویستی
بەبێ وویستیش وەکو باڵندەی کۆچەری
نەك تەنیا من ,سەرتا پای شار جێ دەهێڵی
نەك تاقەدڵ ,وەلآتێکی خۆشەویستی
دەخەیتە نێو لە پی وێڵی ,
کێ دەڵێ ڕۆح
نادا لە پڕمەی گریانا ,
جەستە چۆن ناسووتێ لە ناو
کورەی عیشق و خەم و ژانا .